

# مێهرەجان

عەلی حەسەنیانی(هاوار) 1939 - 1992

یەکێک لەو وشانەی کە دوای ئاڵ و گۆڕێک هاتۆتە نێو زمانی ئەدەبیی کوردیەوە و بە داخەوە زۆریش کەڵکی لێوەردەگرن، وشەی "مێهرەجان"ە. وشەی "مێهرەجان" بە هەڵە بۆ گشت جێژن و کۆبوونەوەیەک، کە بە بەزم و شادیەوە بەڕێوە بچێ، هەروەها لە جیاتی "فێستیوال"، بەکار دەبرێ.

جا با بزانین ئەو وشەیە لە کوێوە هاتووە. لە پێش زاڵبوونی ئیسلام بە سەر وڵاتی ئێمە دا چەندین جێژنی نەتەوایەتیمان هەبوون. وەک "جێژنی نەورۆز" کە یەکەم ڕۆژی بەهارە و ئێستاش لە کوردستاندا هەر باوە. "جێژنی سەدە" کە سەد ڕۆژ پێش ساڵی تازە، واتا لە بیستەمی مانگی سەرماوەز دا، گیراوە. "جێژنی بێڵندانە" یان "بێلندانە" کە ڕۆژی پازدەی ڕێبەندان، واتا لە نیوەڕاستی زستاندا، بووە و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا هەر باوە و ئەو ڕۆژەی دەکەنە جێژن. "ڕۆژی سێزدەبەدەر" کە سێزدەهەمین ڕۆژی بەهارە؛ لەو ڕۆژە دا بۆ وەلابردنی بەدشوومیی ساڵی کۆن دەچوونە دەرەوەی شار و ئاوایی و دەیانکردە جێژن و ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستاندا ئەو جێژنە ماوە. هەروەها چەندین جێژنی ـ


Copyright © Kurdi.fi



دیکە گیراون کە یەکێک لەوان ڕۆژی پازدەی مانگی ڕەزبەر بووە، کە بە بۆنەی هەڵگرتنی بەرهەمی کشت و کاڵ کردوویانە بە جێژن. ئەو ڕۆژە بە "مێهرگان" ناوبراوە. پێویستە ئەوەش بڵێین کە بەر لە هاتنی ئیسلام بۆ وڵاتی ئێمە، هەر ڕۆژێک لە ساڵ دا ناوێکی تایبەتی هەبووە و ناوی ڕۆژی پازدەی مانگی ڕەزبەر "مێهرگان" بووە. ئێستاش فارسەکان بە مانگی ڕەزبەر دەڵێن مانگی "مێهر". عەرەبان وشەی "مێهرگان"یان وەرگرتووە و لە بەر ئەوەی کە لە عەرەبیدا پیتی " گ" نییە " گ"یەکەیان کردووە بە "ج" و وشەکەیان لە "مێهرگان"ەوە کردۆتە "مێهرەجان" و بۆ "جێژن و فێستیوال" لەو وشەیە کەڵک وەردەگرن.

ئەو وشەیە سەر لە نوێ لە زمانی عەرەبییەوە، بە ئاڵ و گۆڕێکەوە کە بە سەریدا هاتووە، هاتۆتەوە نێو زمانی کوردی. وەک گوتمان وشەی "مێهرگان" ناوی جێژنێکی تایبەتیە و وشەی "جێژن" گشتیترە و باشتر ئەوەیە لە جیاتی وشەی "مێهرەجان" لە وشەی "جێژن" کەڵک وەربگیرێ.


Copyright © Kurdi.fi